





بێژەنگ حەسەن:

یاریزانی تیپی فڕۆکەوانیی یانەی ئاسمانی هەولێر

# هیوادارم لە پاڵەوانێتییە جیهانیەکان ناوی کوردستان بەرز بکەمەوە

یانەی فڕۆکەوانیی ئاسمانی هەولێر و ڕێکخراوی پەرەگلایدەر بۆ یارییەکانی ئاسمانی ماوەیەکی زۆرە لە شاری هەولێر خزمەت بەم یارییە دەکەن کە تا رادەیەك بۆ هاونیشتمانییان یارییەکی تازەیە و چەندین لاوی ئەم شارەشیان لە دەوری خۆیان کۆکردووەتەوە و بێژەنگ حەسەن یەکێکە لەو یاریزانانە کە لەدایك بووی ساڵی ١٩٩٠ی شاری هەولێرە و وەکو یاریزان و ڕاهێنەریش بەردەوام کار بۆ وەرزشی ئاسمانیی فڕۆکەوانی دەکات. بێژەنگ خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، ئێمەش لەنزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.

کارزان کانەبی





*** هۆکاری ئەوەی لەناو گشت یارییە وەرزشییەکان یاری ئاسمانیت هەڵبژاردووە چی بووە و بۆچی شەیدای ئەم یارییە بوویت؟**

-هۆکاری سەرەکی ئەوە بوو کە من بەردەوام سەیری ئەم یارییەم دەکرد لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانییەکان و بینینی هەموو ئەو باڵندە و فڕۆکانە، جگە لەمەش هەموو ئەو شتانەی کە توانای فڕینیان هەیە لە بۆشایی ئاسمان بوونە هۆکار کە من شەیدای ئەم یارییە بم و خۆمی تیا بدۆزمەوە.

***ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینی؟**

-ئەم یارییە بە شێوەیەکی گشتی لە بەرەوپێشچووندایە بە هاوکاری هەموو ئەو یاریزانانەی کە ئێستا هەن لە تەواوی شارەکانی کوردستان لە هەولێر و لە دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجەی شەهید، بۆیە ئومێدی زۆریشم هەیە کە ئاستی زیاتر دەچێتە پێشەوە.

*** بۆچی لە کوردستان گرنگیی پێویست بەم یارییە نادرێت؟**

- چونکە ئەم یارییە لە کوردستان تازەیە و زۆر خەڵك ئاشنایەتییان لەگەڵی نییە. ئەم یارییە لەلایەن ڕاهێنەری بەتوانا کاپتن (هاوکار محەمەد ) سەری هەڵداوە، بۆیە ئێمە ئاوات دەخوازین زیاتر گرنگی پێ بدرێت لەسەر ئاستی یانەکان و شارەکانی کوردستانیش، چونکە ئەوە زیاتر لە ناوچە شاخاوییەکان ئەنجام دەدرێت.

*** پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیان زیاتر ئاشنا ئەم یاریە بن؟**

-ئەم یارییە پێویستی بە تێچوونی پارەیە، جگە لەمەش پێویستی بە دروستکردنی ڕێگا و بان و خۆشکردنی ڕێگاکان و ئامرازەکانی گەیاندن هەیە وەکو ئۆتۆمبێل کە ئەوانە هەموو وادەکات یارییەکە زیاتر بەرەو پێش بچێت.

*** ئەم یارییە تا چەند مەترسی بۆ وەرزشکاران هەیە؟**

-یارییەکە بۆ خۆشییە و ئارەزووی تاکە کەسە و باوەڕ پێهێنان بە هاووڵاتیان بۆ ئەم یارییە شتێکی سەختە، چونکە تا خۆی بڕوای پێ نەهێنێت، یان بەرەو ئەم یارییە نەچێت، ناکرێت، ئەم یارییە خۆشترین و بەچێژترین یارییە، ترسێکی واشی نییە کە جێگای مەترسی بێت. نابێت ئەم یارییە بە شێوەیەکی هەرەمەکی ئەنجام بدرێت، بەڵکو دەبێت لەسەرەتادا بە شێوەیەکی پراکتیکی و وەکو پرۆگرامیش بخوێندرێت، پاشان یاری سەر زەوی و پاشان سەرگرد و تەپۆلکەکان تا ئاستێکی بەرز بە جوانترین و نەرمترین شێوە فێردەکرێن بۆ ئەوەی ترسیان لێ نەبێت.

*** هیچ کات لەم یارییە دووچاری ئازار نەبوویت؟**

-سوپاس بۆ خوای گەورە تاکو ئێستا نەخێر، چونکە من لەسەر دەستی ڕاهێنەری بەتوانا فێر بووم و پابەندم بە ڕێنماییەکان تا بتوانم بۆ فێربوونی شتی تازە هەوڵدەدەم.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-هەموو توانایەکی خۆم دەخەمە گەڕ بۆ ئەوەی هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە بە گەورە و پیر و منداڵ و کوڕ و کچەوە بە ئاسمان شاد بکەم، هیوادارم ئەم یارییە لە کوردستان بە هەموو دنیا بناسێنم.

*** باشترین ئەنجامەکانت لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە چی بوون؟**

- بە هۆی پێنەدانی ڤیزا بەشداری هیچ پاڵەوانێتیەکی دەرەوەم نەکردووە، بەڵام لە یەکێتی ناوەندی ئاسمانی عێراق و یانەی هەولێری ئاسمانی و کۆمەڵەی پارا مۆتۆر و پارا گلایدەر ئەنجامی باشم بەدەست هێناوە.

*** داواکاریت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی بتوانین لە پاڵەوانێتیی وڵاتانی ئەوروپا بەشداری بکەم، ڕێگای سەرکەوتنمان بۆ سەر شاخەکان بۆ چاك بکەن بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر هەوڵی بەرەوپێشچوونی ئاستمان بدەین.

*** هیواو ئاواتت لەم یارییە چییە؟**

-هیوامان زۆرە بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی ئەم یارییە بکەین و خۆمان لە وڵاتانی ئەوروپا بدۆزینەوە و ناوی کوردستان بەرز بکەینەوە و خزمەتی هاونیشتمانییانی خۆمان بکەین.

*** راستە بۆ پاڵەوانیتیەکان لەسەر گیرفانی خۆتان بەشداردەبن؟**

-گومانی تێدا نییە لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی هەمووی لەسەر گیرفانی خۆمان بووە و هیچ کەسێك هاوکاری ئێمەی نەکردووە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا دەتوانی باسی بکەیت؟**

- بە هیوای ئەوەم کوڕان و کچانی کوردستان روو لەم یارییە بکەن بۆ ئەوەی ئاسمانی کوردستان ڕەنگاوڕەنگ بکەین و داواکارین هاووڵاتیانی شاری هەولێریش روومان تێبکەن، ئێمەش وەکو کۆمپانیای (Airways Aviation) لەخزمەتی ئەواندا دەبین، سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەکەین بۆ خزمەتکردنیان بە وەرزش و بۆ بەسەرکردنەوەی ئێمە.

# لە تیروپشکی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨

## عێراق کەوتە کۆمەڵەی ئاگرین...

هەفتەی رابردوو لە شاری کوالالامپۆری پایتەختی مالیزیا لە بارەگای یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا تیروپشکی قۆناغی سێیەم و کۆتایی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ روسیا ئەنجامدرا، دوای ئەوەی ١٢ هەڵبژاردە سەرکەوتن بۆ ئەم قۆناغە.

ئا: رێبین رەمزی

### یارییەکان چۆن ئەنجام دەدرێت

بەپێی سیستەمی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ١٢ هەڵبژاردەکە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش دەکرێن و لە هەر کۆمەڵەیەك ٢ هەڵبژاردە راستەوخۆ بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ سەردەکەوێت و خاوەنی پلەی سێیەمی هەر کۆمەڵەیەك لەگەڵ یەکتر یاری دەکەن بەشێوازی چوون و هاتن بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو هەڵبژاردەیە، کە لەم یارییە سەرکەوتوو دەبێت بۆ رووبەرووبوونەوەی یەکێك لە هەڵبژاردەکانی کیشوەری کۆنکەکاف، کە ئەویش دوو یاری بەشێوازی چوون و هاتن یاری دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هەڵبژاردەی، کە سەردەکەوێت بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨.

### عێراق لە کۆمەڵەی دووەم یاری دەکات

دوای راکێشانی تیروپشکی یارییەکان، هەڵبژاردە عێراق کەوتە کۆمەڵەی ئاگرین-ی رکابەرییەکە، کە لەگەڵ هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (ژاپۆن- ئوستراڵیا- سعودیە- ئیمارات- تایلاند) یاری دەکات و کۆمەڵەی یەکەم لە هەڵبژاردەکانی (ئێران- کۆریای باشوور- قەتەر- چین- ئۆزباکستان- سوریا) پێکهاتووە.

خشتەی یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق بەمێشوەیە دەبێت.

رۆژی ١-٩-٢٠١٦
ئوستراڵیا — عێراق
ژاپۆن — ئیمارات
سعودیە — تایلاند
رۆژی ٦-٩-٢٠١٦
عێراق — سعودیە
تایلاند — ژاپۆن
ئیمارات — ئوستراڵیا
رۆژی ٦-١٠-٢٠١٦
ژاپۆن — عێراق
سعودیە — ئوستراڵیا
ئیمارات — تایلاند
رۆژی ١١-١٠-٢٠١٦
عێراق — تایلاند
سعودیە — ئیمارات
ئوستراڵیا — ژاپۆن
رۆژی ١٥-١١-٢٠١٦
ئیمارات — عێراق
تایلاند — ئوستراڵیا
ژاپۆن — سعودیە
قۆناغی دووەم
٢٣-٣-٢٠١٧
عێراق — ئوستراڵیا
ئیمارات — ژاپۆن
تایلاند — سعودیە
رۆژی ٢٨-٣-٢٠١٧
سعودیە — عێراق
ژاپۆن — تایلاند
ئوستراڵیا — ئیمارات
رۆژی ١٣-٦-٢٠١٧
عێراق — ژاپۆن
ئوستراڵیا — سعودیە
تایلاند — ئیمارات
رۆژی ٣١-٨-٢٠١٧
تایلاند — عێراق
ئیمارات — سعودیە
ژاپۆن — ئوستراڵیا
رۆژی ٥-٩-٢٠١٧
عێراق — ئیمارات
ئوستراڵیا — تایلاند
سعودیە — ژاپۆن

یەکێتی تۆپی پێی عێراق بەفەرمی بریاری خۆیدا، کە بۆ یارییەکانی ئەم قۆناغە هەر لە وڵاتی ئێران یاری دەکەن و لە یاریگەی پاس لە هەمان کاتدا بەفەرمی رازی شنێشل وەکو راهێنەری هەڵبژاردەکە دەستنیشان کرا.

# سێلڤا ئامۆژگاری ئێبراهیمۆڤیچ دەکات

یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمان تیاگۆ سێلڤا ئامۆژگاری هاریێیەکی و یاریزانی هەڵبژاردەی سوید ئیبراهیمۆڤیچ دەکات، کە پەیوەندی بە یانەی مانچستەر یۆنایتد نەکات، چونکە ئەمە هەنگاوێکە بۆ دواوە.
گرێبەستی ئیبراهیمۆڤیچ لە ساڵی داهاتوو کۆتایی دێت و هەواڵەکان باس لەوە دەکەن، کە ئیبراهیمۆڤیچ دەچێتە خولی ئینگلیزی، بەتایبەتی یانەی مانچستەر یۆنایتد.
سیلڤا سەبارەت بە ئیبرا دەڵێت: لە کاتی ئێستادا هیچ یانەیەکی ئینگلیزی لە ئاستی ئیبرا نییە.






# بایرەن میونیخ چارەنووسی گۆتزە دیاری ناکات

به فەرمی یانەی بایرەن میونیخ راگەیاند، بەهۆی بوونی خولی ئەلمانیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، چارەنووسی یاریزانی یانەکە و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ماریۆ گۆتزە تا کۆتایی وەرزی ئەمساڵ دیاری ناکات، وتووشیانە: بەهیچ شێوەیەك باسی چارەنووسی دوارۆژی ئەو یاریزانە ناکەین.
یانەی بروسیا دۆرتمۆند یەکێك لەو یانانەیە، کە هەوڵ دەدات بۆ وەرزی داهاتوو سوود لە ئەزموونی ئەم یاریزانە وەربگرێت.
جێگەی باسە گۆتزە لە یانەی بروسیا دۆرتمۆند پێوەندی بە یانەی بایرەن میونیخ کرد و خاوەنی تاکە گۆڵی هەڵبژاردەی ئەڵمانیایە لە یاری کۆتایی جامی جیهانی (٢٠١٤).

# ئەرسەلان جەلال بەڵێنی بە هیچ یانەیەک نەداوە



ماوەی دوو وەرز و نیوە ئەرسەلان جەلال وەکو سەرپەرشتیاری هونەری لە یانەی نەورۆز دەست بە کار بووە و ئەنجامی شایستەی بۆ یانەکە بەدەستهێناوە، بەڵام لە دوای کۆتاییهاتنی یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی کوردستان، یانەی نەورۆز تەنیا پلیتی مانەوەی لە خولەکە بەدەست هێنا، بۆیە ئەرسەلان جەلال و کارگێرانی یانەکە بە ڕێککەوتنی هەردوو لا گرێبەستەکەیان کۆتایی پێهێنا، لە ئێستاشدا ئەرسەلان جەلال لەگەڵ هیچ یانەیەك ڕێك نەکەوتووە و تەنیا وەکو ڕاهێنەر ماوەتەوە، لەم بارەشەوە ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری پێشووی یانەی وەرزشیی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من و ئیدارەی یانەی نەورۆز ڕێککەوتووین لە سەر کۆتاییهاتنی گرێبەستەکەم، دواتریش ماوەی گرێبەستەکەم بە کۆتایی هات لەگەڵ نەورۆز و ئەوان ئەمساڵ داوایان لە من کرد تەنیا تیپەکە بهێڵمەوە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، خۆشبەختانە ئەوە کرا، گەرچی ئێمە ئاواتی زیاترمان هەبوو، بەڵام توانیمان تیپەکە بمێنێتەوە لە خولی نایاب، بەبێ هیچ گرفتێك و کێشەیەك من ڕیزی یانەکەم جێهێشتووە، لە ئێستاشدا لەگەڵ هیچ یانەیەك کار ناکەم و جارێك بیر دەکەمەوە لە داهاتووی خۆم، ئەگەر یانەیەکی باش هەبوو کە داوای گرێبەستم لێ بکات، ئەو کاتە بڕیاری خۆم دەبێت، بەڵام بە فەرمی بەڵێنم بە هیچ یانەیەك نەداوە بۆ ئەوەی کاریان لەگەڵ بکەم، بە هیوای ئەوەم لەگەڵ هەر یانەیەك کە ڕێککەوتین، بتوانین کاری باش ئەنجام بدەین.

# پێشمەرگەی هەولێر لەسەر سپۆنسەر و قەرز بەڕێوە دەچێت

لەگەڵ ئەوەی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر ئەم وەرزە بە شایستەیی توانی خۆی بگەینێتە یارییەکانی چوار گۆشەی زێڕینی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام ئەم یانەیە جیاواز لە ساڵانی پێشوو هیچ بڕە پارەیەکی لە وەزارەتی پێشمەرگە وەرنەگرتووە کە ئەوان سەر بەم وەزارەتەن، یانەکەش هیچ بڕە پارەیەکی گرێبەستی یاریزانانی نەداوە. گۆڤاری گوڵان ئەوەی زانیوە کە ئەم یانەیە بۆ بەڕێوەبردنی تیپەکە پارەیەکی زۆریشیان قەرزکردووە، هەر لەو بارەیەوە نیهاد عادل جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە مانگانە نەسریەی خۆمان هەبوو لە وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام لە مانگی ٥ی ساڵی ٢٠١٥ تاکو ئێستا هیچ بڕە پارەیەکمان وەرنەگرتووە، ئەمەش بۆتە بارگرانییەکی زۆر لە سەر یانەکەمان کە ئێمە بەشدارین لە خولی کوردستان، ئێمەش گرێبەستمان لەگەڵ یاریزانان کردووە و مانگانەش دەبێت پارە دابین بکەین بۆ مووچەی یاریزانانی خۆمان، ئەمساڵ ئێمە پشتمان بە سپۆنسەر بەستووە بۆ دابینکردنی پارە بۆ یاریزانانی خۆمان و خەرجییەکان تیپەکەمان، ئەوەش بۆ ئێمە قورسە کە نەتوانین پارە دابین بکەین، ئێستا ئێمە پارە قەرزارین و سەرۆکی یانەکەش ئۆتۆمبێلی خۆی بۆ تیپەکە فرۆشتووە، ئەوەش لە دڵسۆزی ئەو بووە بۆ تیپەکە بۆ ئەوەی نەوەستێ، جگە لەوەش پارەمان لە ماڵێ هێناوە بۆ بەردەوامبوون لە وەرزشکردن و خۆشبەختانە ئەنجامەمان وەکو پێویست بووە.» لە بارەی دابینکردنی گرێبەستی یاریزانانیش گوتی: «ئێمە چەند هەوڵێکمان داوە بۆ ئەوەی بتوانین گرێبەستی یاریزانان دابین بکەین، بەڵام تاکو ئێستا کارێکی وامان نەکردووە بتوانین پارە دابین بکەین بۆ گرێبەستی یاریزانانی خۆمان کە مافێکی سروشتی خۆیانە.»





# مارسیلۆکەی چەمچەماڵ بڕیاری کۆتایی نەداوە

کەیوان محەمەد ناسراوە بە «مارسیلۆ»، چونکە شێوەی قژی وەکو هەمان یاریزانی بەڕازیلی و یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لێ کردووە، ئەمساڵیش بە هەمان ریتمی ساڵانی تر بە پێی گرێبەستێك لە شاری چەمچەماڵەوە پێوەندی بە یانەی هەڵۆی دەڤەری بارزان کرد، بۆ یاریکردن لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان و توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، لە بارەی مانەوەی یانەکەی دەڤەری بارزانیش کەیوان محەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ماوەیەکە لە ریزی یانەی هەڵۆ یاری دەکەم و ئەوەی لە تواناشم بوویێت بۆ یانەکە ئەنجامم داوە، لە ئێستاشدا بڕیاری ئەوەم نەداوە کە بۆ وەرزی تازەش لە ریزی یانەکە بمێنمەوە، هەر چەندە سەرۆکی یانەکە داوای لێ کردووم بۆ ئەوەی درێژە بە کاروانی وەرزیشم بدەم لەگەڵ یانەی هەڵۆ، بەڵام من بیرم لێ نەکردۆتەوە، سەرۆکی یانەی هەڵۆش زۆر لەگەڵ من و سەرجەم یاریزانانی تیپەکە بە دڵسۆزی کاری کردووە و هەر چییەك بکەین ناتوانین باشەی ئەوان بدەینەوە.» لە بارەی گەڕانەوەی بۆ شارەکەی خۆی کە چەمچەماڵە یاخود ئەوەی کە پێوەندی پێوەکرابێت لەلایەن یانەکانی ترەوە، کەیوان گوتی: «تاکو ئێستا نە لە یانەی شارەکەی خۆم نە لە هیچ یانەیەکی تر گرێبەستم پێشکەش نەکراوە، بەڵام هێشتا زووە بۆ ئەوەی ئێمە بڕیار لەسەر ئایندەی خۆمان بدەین، چونکە یارییەکانی خولی پلە یەکی کوردستان تازە کۆتایی هاتووە و ئێستاش کات ماوە بۆ زۆر شت، بەهیوای ئەوەین لەگەڵ هەر یانەیەك یاری بکەین، بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین.»